# 15 شوبات و چالاكییەكانی
# كۆمیتەی داكۆكیكردن لە بەڕێز عەبدوڵلا ئۆج ئالان

دوا نیوەڕۆی ئەمڕۆ رۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2/14 سەرچاوەیەك لە كۆمیتەی داكۆكیكردن لە بەڕێز عەبدوڵلا ئۆج ئالان بە رۆژنامەكەمانی راگەیاند كە كۆمیتەكەیان گەیشتوونەتە دوایەمین ئامادەكارییەكانیان بۆ ئەنجامدانی چالاكی بۆ شەرمەزاركردنی پیلانگێڕی نێو دەوڵەتی 15 ی شووبات لەسەر ئۆج ئالان و گەلی كورد و ئاماژەشی بەوەدا كە تەواوی ئامادەكارییەكانیان لە شارەكانی "كەركوك – سلێمانی – هەولێر – موسڵ – شەنگال و بەغداد كراوە. چالاكی مانگرتن و دانیشتنی هێمنانە و هەروەها كۆبوونەوەی جەماوەری و بەستنی كۆڕ سەرەكیترین بەشی بەرنامەكانن كە بەم شێوەیەی لای خوارەوە بەرنامەڕێژی بۆ كراوە. لەشاری سلێمانی مانگرتنی یەك رۆژی و دانیشتنی هێمنانە لەبەردەم ئەنجوومەنی وەزیراندا. لەشاری هەولێر لەهەمان شێوە چالاكی سلێمانی و لەبەردەم تەلاری پەرلەماندا. هەروەها لەهەردوو شاری موسڵ و كەركوكیش هەمان شێوە چالاكی لەبەردەم بینای پارێزگای هەر دوو شارەكەدا بە ئامانجی سەرەكی وەرگیراون.

هەمان سەرچاوە سەرنجی بۆ ئەو یاداشتنامەیە راكێشا كە لە لایەن هەمان كۆمیتەوە پێشكەش بە سەرۆك كۆمار و سەرۆك وەزیران و سەرۆكی پەرلەمانی ئێراق و سەرۆكی هەرێمی كوردستان و باڵوێزی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ئێراق كراوە و تێیدا باس لەو هێرش و دژوارییانەی سەر گەلی كورد كەلەسەر كەسێتی ئۆج ئالان لەزیندانی تاكەكەسی ئیمرالی لەسەر بەڕێزی پەیڕەو دەكرێ و لەبەرامبەر ئەمەشدا مرۆڤایەتی لەو ناڕەواییەی لە كەسایەتی بەڕێزیدا دژ بە گەلی كورد و مرۆڤایەتی دەكرێت پاك بكرێتەوە. لەهەمان كاتدا كۆمیتەی پاراستنی بەڕێز ئۆج ئالان بەتوندی رەخنەی بێدەنگی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و ئێراق دەكات و داوایان لێدەكەن و دەڵێن كەهەلوێستی پۆزەتیڤییان هەبێت لەبەرامبەر كێشەی كورد و ئۆج ئالان " بانگەشەی دیموكراتییەت و مافی گەلان دەكەن, بەڵام لە تەنیشتییاندا سەرۆكی گەلێك بخرێتە قەفەسی تاوانبارییەوە و لێی بێدەنگبن. ئێمەش وەكو كۆمیتەی داكۆكیكردن لە بەڕێز ئۆج ئالان هەتا ئازادی ئۆج ئالان و چارەسەری كێشەی كورد لەسەرتاپای كوردستاندا بەرقەرار نەبێت تێكۆشانی هەمەلایەنەی خۆمان بەردەوام دەكەین"

هەروەها لە چوارچێوەی چالاكییەكانیشدا هەر هەمان رۆژ لە شەنگال لەگەڵ مانگرتنی یەك ڕۆژی كۆبوونەوەیەكی جەماوەریش سازدەدرێ. لە هەمانكاتدا لە بەغداد كۆڕێك بۆ یاساناسانی ئێراق سازدەدرێ و تێیدا بارودۆخی كوردستان بەگشتی و رەوشی یاسایی ئۆج ئالان و یاداشتنامەكەی كۆمیتەی داكۆكیكردن لە بەڕێز ئۆج ئالان هەڵدەسەنگێندرێن.